# دەست گرتن بە قورئان و سوننەت و دوور کەوتنەوە لە بیدعەو هەرشتێك سەرپێچی و موخالەفەی قورئان و سوننەت بکات

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (أوصيكم بتقوى الله و السمع و الطاعة و إن كان عبدا حبشيا ، فإنه من يعش منكم بعدي يرى اختلافا كثيرا ، فعليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين بعدي ، عضوا عليها بالنواجذ وإياكم و محدثات الأمور ، فإن كل محدثة بدعة و كل بدعة ضلالة) السلسلة الصحيحة ٢٧٣٥

واتە : (وەسیەتتان ئەکەم بە تەقوای خوا _خۆپاراستن لە سزای خوا بە دور کەوتنەوە لە تاوان و جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی_ وە بە گوێ ڕایەڵی _سەرکردەکانتان_ ئەگەر عەبدێکی حەبەشیش بێ . وە هەرکەسێك لە ئێوە بژی لە پاش من خیلاف و جیاوازیەکی زۆر ئەبینێ جا دەست بگرن بە سوننەتی _ڕێگای_ من وە سوننەتی _ڕێگای_ خەلیفەکانی لە سەر حەق و هیدایەتن دەست بەو ڕێگایە بگرن وە بە ددانەکانتان بیگرن وە ئاگادارتان ئەکەمەوە لە شتە داهێنراوەکان چونکە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە ) .

وقال صلى الله عليه وعلى اله وسلم : ( من احدث في امرنا هذا ما ليس منه فهو رد ) رواه البخاري و مسلم واتە : ( هەر کە سێ شتێ لەو دینەمان دابهێنێ کە تیای نەبێ ئەوە ڕەد ئەکرێتەوە لێی وەر ناگیرێ ) وە لە ڕیوایەتێکی تر : ( من عمل عملا ليس عليه امرا فهو رد ) رواه مسلم واتە : ( هەر کەسێ کارێك بکا فەرمانی ئێمەی لە سەر نەبێ ئەوە ڕەد ئەکرێتەوەو وەرناگیرێ لێی ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەئەفەرموێ : (تركت فيكم شيئين لن تضلوا بعدهما : كتاب الله و سنتي و لن يتفرقا حتى يردا علي الحوض) صحيح الجامع ٢٩٣٧ واتە : ( دوو شتم بۆ جێ هێشتوون گومڕا نابن لە پاش ئەو دوو شتە _ئەگەر دەستیان پێوە بگرن_ : کتابی خوا وە سوننەتی من وە لێك جیا نابنەوە تا دێنە لام لەسەر حەوز ) .

لەم چەند فەرمودەیە بۆمان دەرکەوت کە لەناو موسڵمانان خیلاف و فیتنە ئەبێ بەڵام ڕێگای سەرفرازی و ڕزگار بوون لە هەموو فیتنەیەك دەست گرتنە بە قورئان و بە ڕێگاو سوننەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم وە ڕێگاو سوننەتی خەلیفە بەڕێزەکانی خوا لێ یان ڕازی بێ . وە هەر شتێك لە ڕێگای وان نەبوو بێ ئەوە داهێنراوەو بیدعەیە وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییەو سەرلێشێواویە . سەیر بکەن پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : ( كل بدعة ضلالة )



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەمــوو بــیدعەیەك گومڕایــیە بــا بــەوە نەخــەڵەتــێین كە كــەسانێك ئەڵێن بیدعــەی حــەســـەنەش هــەیــە دیــارە ئەوان لــە پێغــەمبــەری خــوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم زانا تــرنین ! قســەی هــیچ كــەسێك كــە موخــالــیفی فــەرمودەی پێغــەمبــەری خــوا بــێ ێلی الله علــیه وعلـــی الـــه وســـلم وەرنـــاگیرێ چـــونكە ئــێمە تــەنها لـــە ســـەرمانە شــوێــنی فــەرمانــەكانی پێغــەمبــەری خــوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بكــەوین . دیارە ئەم بیرەش بیرێــكــی داهێنراوەو بیدعــەیە كە بڵێی بیدعــەی حەســەنەو بیدعــەی چاك هــەیە . ئەوە لــە پاش ســەردەمی پێغــەمبــەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم وە پاش ســەردەمی هاوەڵە بەڕێــزەكانی خــوا لــێ یان ڕازی بــێ داهێنراوە لــەبەر ئەوە ئەگــەر بچینــەوە ســەر فــەرمودەی هاوەڵــە بەڕێزەكــانیش خــوا لــێ یان ڕازی بــێ ئــەوە قــەت كــەسێكیان نــەبووە بڵــێ بیدعــەی حــەســـەنە هــەیــە حــاشـــاكــی ئەوان موخــالــەفەی پێغــەمبــەری خــوا صلی الله علیه وعلی الـــه وســـلم بكــەن . وە لــە هــەمــوو كــەس دوور تر بوون لــە بیدعــەو داهێنراو بە قســەو بە كـــردەوە . بــۆ نمــونــەش عبدالله ی كـــوڕی عمر خــوا لــێ یان ڕازی بــێ ئەفــەرموێ : ( كل بدعة ضلالة وان راها الناس حسنة ) واتــە : ( هــەموو بیدعــەیەك گــومڕاییە ئەگــەر خــەڵكیش بە چاكــی بزانن ) .

وە لــەو فــەرمــودانە بــۆمان دەر ئەكـــەوێ كـــە پێغــەمبــەری خــوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم هاوەڵــە بەڕێزەكــانی ئەترســاندو ئاگــاداری ئەكــردنەوە لــەوەی توشــی بیدعــە بن خــوا لــێ یان ڕازی بــێ ئەشــزانین لــەو ســەردەمە بیدعــە ســەری هــەڵنەدابوو هاوەڵەكــانیش خــوا لــێ یــان ڕازی بـــێ قــەت لــەفــەرمانی پێغــەمبــەری خــوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لایان نەئــەدا بــۆ بــیدعــە . ئەگـــەر ئەوە تێگــەیشتــی جا بزانــە بۆ ئەو ســەردەمە كــە خــەڵكــی كــەوتــونــەتە ناو بیدعــەو گــومڕایی لــە جیاتی ســونــنەت بە بیدعــە خــوا ئەپەرســتن . ئەبــێ چـــەند پێویــســت بـــێ ئێمــە خــەڵك لــە بیدعــە ئاگــادار بكــەینــەوەو بیان ترســێنین لــە وەی توشـــی بـــن ؟ وە ئەمــە گــومڕایی ئەو كــەســانــەمان بۆ دەر ئەخا كــە ئەڵێن ئێســتا كــاتی ئــەوە نــیــە باســـی بــیدعــە بكـــەین و خــەڵكــی لــێ ئاگــادار بكــەینــەوە ! بەڕاســتی ســەیرە ئــەبــێ ئەوانـــە لـــە پــێغــەمبــەری خــوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم دڵســۆز تر بن بۆ ئــەو خــەڵكـــە !؟ یـــان ئەترســـن خـــۆیان و بیدعــەكــانــیان ڕیســوابن و خــەڵك پــێ یان بزانــێ كــە بیدعــە چین بۆیە ئەڵێن باســی بیدعــە مەكــەن خــەڵكمان لــێ ئەڕەوێتــەوە !

**باوكی حارث**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com